# مۆدی سەندەڵ و پێڵاو بۆ وەرزی بەهار

گۆڕانی کەشوهەوای وەرزی بەهار، وات لێدەکات کە بیر لە گۆڕینی کەرەستە و جلەکانت بکەیتەوە، جگە لەوەی کە مۆدی هەر وەرزێك تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە تۆش پەیڕەوی مۆدەکان بکەیت، لە سەرەتاترین گۆڕانکارییەکانیش پێویستە مۆد و شێوازەکانی پێڵاو و سەندەڵ بگۆڕیت، چونکە ئەو پێڵاوانەی لە وەرزی زستاندا لەپێی دەکران، ئەگەر لەو وەرزشدا لەپێت بێ، ئیدی زیان بە پێستی پێیەکانت دەگەیەنێت، مۆد و شێوازە باوەکانی وەرزی بەهار لە مۆدەکانی (هۆس فاشینستاز و ستریت ستایل)ـە کە بریتین لە سەندەڵ و پێڵاوی پاژنەپان و سەرەوە کراوە، ئەو شێوازە لەگەڵ زۆربەی مۆدی جلەکان دەگونجێت و هەروەها پلەی گەرمیی پێیەکانیش بە فێنکی دەهێڵێتەوە. ئەو مۆدە تازەیە جگە لەوەی دیزاینەکەی تەندروستە، هەروەها لە ڕەنگ و نەخشدا نایابە، تا لەگەڵ شێوازەکانی جلی بەهار شیك و ڕێکبکەون، نموونەی ئەو کەسایەتییە ناودارانەی ئەو سەندەڵ و پێڵاوانە لە پێ دەکەن بریتین لە: ڕێبیکیا فێرگسۆن، ڤیکتۆریا بێکهام.





## ملوانکەی سادە و نەخش بووکۆڵە

شێواز و جۆرەکانی ئێکسسوارەکان سەریان لە خانمان شێواندووە، چونکە هەر یەکە جوانی و نەخشێکی هەیە، کە وادەکات خانمان دوودڵ بن تا یەکێك لەو ئێکسسوارانە هەڵبژێرن و لەگەڵ جلەکانیان شیکی بکەن. دوامۆدەکانی ئێکسسواری بەهاری بریتییە لە نەخشدار و شێوازی بوکۆڵە. مارکەی (جیزیل) چەندین مۆدی ملوانکەی بەهاری هێناوەتە کایەوە، کە هەر مۆدێك بە نەخش و دیزاینی منداڵانە و بچووك ڕازاوەتەوە، بەهۆی ئەوەی لەو وەرزەدا بەشێکی زۆری سینگ و بەرۆکی خانمان بە دەرەوە دەبێ، بەمەش دەتوانی سوود لە نەخش و نیگاری میدالیا و ملوانکەکە وەربگریت. بەشێکی دیکەی ملوانکەکان، سادە و ساکارن، واتە میدالیاکانیان بە بازنەیەك، یان نەخشێکی سادە ڕازاوەتەوە، ئەو جۆرە ملوانکەیە بۆ ئەو کاتەیە کە جلێکی ڕەنگاوڕەنگت لەبەر دەبێ، یەکێك لە ڕیساکانی لەملکردنی ملوانکەکە بریتییە لە: کاتێك جلێکی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر بوو، پێویستە ملوانکەکەت سادە بێت و ئەگەر جلەکەشت سادە بوو، ملوانکەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە مل بکە.

# باوترین بۆن و بەرامەکان بۆ گەشت و سەیران



لە وەرزی بەهاردا، بەهۆی خۆشی کەشوهەوا و سەوزایی دەشت و دەر و چیاکانی کوردستان، زۆربەی خەڵك لەو وەرزەدا گەشت و سەیران دەکەن، تا بە دیمەنە جوانەکانی شاخ و دار و باری سروشت ئاشنا بن، بەم جۆرە خانمانیش خۆیان بە جوانترین جل و پۆشاکەکانیان پۆشتە دەکەن و هەر یەکە مۆدێکی ناوازەی جلەکانی لەبەر دەبێ، جگە لەوەی کە ماکیاژێکی ناسکیش بۆ روخساریان دەکەن، وێڕای ئەوەش پێویستیان بە بۆن و بەرامێکی خۆش دەبێت، تا بە درێژایی رۆژ لەسەر جەستەیان بمێنێتەوە. تۆی خانمیش کاتێك لەبەر تیشکی هەتاودا دەبی، لەوانەیە گەرمات ببێ و بۆنیشت تێکبچێت، بەڵام ئەو جۆرە بۆنانە بۆ کەشی گەشت و سەیران گونجاون، چونکە ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە و دژەهەتاویشن، کە بریتین لە:

بۆنی - Kate Spade کە بە (Walk On Air) ناسراوە، بە بۆنی یاسەمین و گەڵای گوڵی وەنەوشە و خۆخ بەناوبانگە، وەك بۆن و بەرامی سرووشتییە. جۆرێکی دیکەش (Dolce & Gabbana) لە بۆنەکانی دار و باری (سروو)ی ئیتاڵییە و بۆنێکی سرووشتی هەیە. هەروەها مارکەی (Prada) بۆنێکی دیکەی بە ناوی (Infusions De Prada De Rose ) ئامادەکردووە کە بۆ وەرزی بەهار تەرخانکراوە، دوا بۆنە گونجاوەکان بۆ وەرزی بەهار بریتییە لە (Calvin Klein) بە ناوی (CK One) بۆنێکی خۆش و سەرنجڕاکێشە بۆ گەشت و سەیران.









## کۆنترین هەڵکۆڵ

کۆنترین هەڵکۆڵراوەکانی جیهان لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و باس لە سەرکەوتنەکانی پاشایەکی کورد لە (٤٢٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا دەکات. داتاشراوەی پاشای کوردی لولوبی (ئانوبانینی) دەوروبەری (٢٢٠٠) ساڵ پ.ز، لە رۆژهەڵاتی کوردستان دروست کراوە و دەکەوێتە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو، ئەوەی لە نەخشەکەدا دەبینرێت پادشا ئانوبانینیە بەکەلوپەلی سەربازییەوە کە لەبەرامبەریدا خواوەند عەشتار دەبینرێت و دوو دیلی بە دەستەوەیە، لە ژێرپێی پادشاشدا ٧ دیل دەبینرێت بە بێ جلوبەرگ، کە یەکیان لەژێر پێی پادشادایە و یەکەم کەسیش تاجی پادشایەتی لەسەرە. ئەوەی زۆر گرنگە ئەو نووسینەیە کە لەسەر نەخشەکەدا هەیە بە زمانی ئەکەدی نووسراوە و ئەمەش دەقەکەیەتی: (ئانوبانینی پادشای بەتوانا، پادشای لولوبی نەخشی خۆی و نەخشی خواوەندی عەشتاری لەسەر کێوی باتیر نەخشاند. ئەوکەسەی ئەم داتاشراوەو ئەم نەخشە لەناو بەرێت، بەر نەفرەتی خواوەند ئانو،







## وێنەی گیاندار و زیندەوەرانی بچووک

گۆی زەوی پڕە لە زیندەوەرو گیانداری بچووک، هەندێکیان بە چاو نابینرێن، زیندەوەری واش هەیە کە تەنیا دەبینرێن و شێوەی لەلایەن مرۆڤەوە ئاشکرا نییە، هەر بۆیە کۆمەڵێك زانا لە رێگەی میکرۆسکۆپەوە شێوەی ئەو زیندەوەرو گیاندارانەیان گەورە کردووە کە رۆژانە بەرچاومان دەکەون، لەوانە: مێرووله، جاڵجاڵۆکە، پەنجەماسی، میکرۆب، بەکتیریا، هەموو ئەوانە ئەگەر لە نزیکەوە سەیریان بکەیت، جێگەی سەرنجن، تەنانەت باوەڕ ناکەی ئەو شێوانە روخساری زیندەوەران و گیانداران بن، ئەو ئامێرەی وێنەی زیندەوەرانی پێگیراوە، ناوی (DSLR) کە توانای گەورەکردنی زیندەوەرانی بە (٥٠٠) جار ئەوەندەی خۆی هەیە. ئەو زیندەوەر و گیاندارانەی لەو وێنانە دیارن بریتین لە: هێلکەی پەپوولە، پارچەیەك ستیل، روخساری جاڵجاڵۆکە، قاچەکانی تەیارۆکە، پارچەیەك بەکتیریا، نموونەی میکرۆبێکی بچووك، مێش و مەگەز، هەنگ. رەنگە هەندێ لەو زیندەوەرانەمان بەدڵ نەبێ، بەڵام کاتێك بەو شێوانە دەیانبینین لەلامان خۆشەویست دەبن.





## ـــــــــراوەکانی جیهان

ئانوتروم، بل،بلیت، رامان، عەشتار، سین، شمش، بکەوێت و دووپشتی ئەو بە با بڕوات). لولوبییەکان بەشێکن لە دانیشتووانی کۆنی کوردستان، کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی دەوروبەری سلێمانی و شارەزوور و دەوروبەری دەریاچەی سیروان ژیاون. لولوبییەکان، لە نووسینی سۆمەری و ئەکەدیەکاندا بە (لولو،لولومی،لولوبی) ناویان هاتووە و بەخەڵکانێکی جەنگاوەر ناسراون، بەتایبەت لە سەردەمی نەرامسین پاشای ئەکەدییەکاندا کە لە ٢٢٧٣ بۆ ٢٢١٩ پ.ز حوکمی کردووەو هێرشی کردووەتە سەر لولوبیەکان لە سەر بەردێکیش سەرکەوتنەکەی تۆمار کردووە کە ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەرە لە پاریس. یەکێك لە بەهێزترین پادشاکانیان (شائانوبانینی)ـە کە ناوەکەی بەمانای خوای ئاسمان دێت. ئەم پادشایە یەکێك لە کۆنترین و دەگمەنترین نەخشەکانی جیهانی لە کوردستان بۆ بەجێ هێشتووین لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## بورگری ڕەشیش دەرکەوت

هەموومان (بورگر-Burger)مان خواردووە کە یەکێکە لە (خواردنە خێراکان - fast food)، تەنانەت ئەوانەشی نەیانخواردووە، یان حەزی پێناکەن، بێگومان شێوەیان بینیوە. بورگر پارچە گۆشتێکی سوورکراوەیە لەگەڵ میوە و سەوزە لە نێو سەموونێکی خڕی گەورە دادەنرێت، وەك دەزانین ڕەنگی سەموونەکە سوور و زەردە، جار جارەش سپی دەردەچێ، کەچی وڵاتی ژاپۆن داهێنانی لەو خواردنەشدا کردووە، ئەوەتا بورگری ڕەشی هێناوەتە کایەوە. (بورگر کینگ) ئەو ریستورانتەیە کە بورگرەکانی ڕەنگ ڕەشن و بۆ ئەو کارەی سوودی لە ڕەژووی دار و بار وەرگرتووە، کە وا لە هەموو کەرەستەکان دەکات ڕەش ببن و بەبێ ئەوەی تامیشیان ناخۆش بێت، یان بگۆڕێت. ئەگەرچی ئەو بورگرە ڕەشە، جێگەی ویستی زۆربەی کڕیار و برسییەکان نییە، وەك ئەوەی حەزیان بۆ ئەو ڕەنگە ڕەشەی بورگر ناچێت و تا ئێستا خواستی زۆری لەسەر نییە.



# چرکە ساتی ڕووداوەکان لە وێنەی کامێرادا

هەندێ لە وێنەکان، لەو ساتە گیراون کە کاتی ڕوودانی ڕووداو، یان کارەساتێك بووە، تەنانەت هەندێکیان لە کاتی خۆشیدا گرتە دەکرێن، کە بە چاوی ئاسایی نابینرێن، دوای بینینەوەی وێنەکان دیمەنێکی ناوازە و دروست و ڕاستەقینە دەردەچێت و جێگەی سەمەرەی خەڵك دەبێت، ئەو وێنانە لەلایەن وێنەگرێك بە ناوی (هاوی داس) گیراون، زۆربەی ئەو وێنانەشی یان گرتووە، یان کۆی کردوونەتەوە، کە لە سات و کاتێکدا گیراون، پێش یان کاتی ڕوودانی کارەکەیە یان دیمەنەکەیە، جوانترین وێنەش ئەوەیە کە دەبابەیەك لە کاتی تەقاندنی تۆپەکەیدا، بەرز بۆتەوە، کە ئەوەش بە چاوی ئاسایی نابینرێت.




## کاوڕ

هەردەم بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێ، ڕێگە مەدە کەسانێك دەستکاری ژیانت بکەن کە هیچ پەیوەندییان بە تۆوە نییە، کەسێکی لەخۆبایی مەبەو دڵی خەڵکانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لە ڕابردووی خۆت بکەرەوە، چونکە تۆ کەسێکی چابوكو دڵسۆزی، باری سۆزداریت ڕوو لەباشییە.

## گا

لێهاتوویيت پێوە دیارەو کەسانێك دژایەتیت دەکەن، بۆیە ئارام بگرە و شتێك مەکە ژیانت تێکبدات. خەم لە داهاتوو مەخۆت، خۆت دووربخەرەوە لەگومان و دڵپیسی، لەبەرئەوەی تۆ کەسێکی بڕوات بەخۆت پتەوەو توانای زاڵبوونت بەسەر کێشەکان لە ڕادەبەدەرە، بۆیە بەقسەی کەسانێکی ناپاك هەڵنەخەڵەتێیت.

## جمک

بڕیاری بەپەلە وادەکات کە زۆربەی کارەکانت لێ تێکبچێت، پەلەکردنت تووشی زۆر هەڵەی کردووی. بڕوات بە داهاتووت بێت و ئەم ماوەی تووشی کێشە دەبیت لەگەڵ دۆستەکەتدا، بەڵام ئەگەر بتوانیت ئارام بگریت و لەسەرخۆ بیت، دەتوانیت بەئاسانی چارەسەری بکەیت، ئەگینا ئەنجامی خراپ دەبێت.

## قرژاڵ

شێوازی بیرکردنەوەت لەگەڵ دەوروبەرت ناگونجێت، بۆیە ڕێگایەکی دیکە بگرەبەر و خۆت بگونجێنە. کەسێك نیازی وایە لێت نزیك ببێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانیت، دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەڕەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربین بە، هەندێك بەخۆدا بچۆرەوە.

## شێر

لەبواری ژیانی ڕۆژانەت هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەوەش زوو تێدەپەڕێت، ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارەو ئەمەش بەهۆی دوودڵیتەوە بەرامبەر بە دۆستکەتەو واهەست دەکەیت کە زۆر شت هەیە لەتۆی دەشارێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، کەسێکی ژیری و بە جوانی بیردەکەیتەوە.

## گوڵەگەنم

هەنگاوێکت ماوە تا بە ئەنجامی کارەکانت بگەیت، بۆیە پەلە مەکە و بە ئارامی کاری لەسەر بکە. ماوەیەکە بەهۆی کێشەیەکەوە ماندووی و هەوڵی چارەسەری بدە، لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆزو خۆشەویستیەکی لە ڕادەبەدەر رووت تێ دەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.

## تەمەنی قژی لە خۆی گەورەترە

ڕەنگە ئەو ناونیشانە سەیر بێت، ئاخۆ چۆن کەسێك تەمەنی قژی لە خۆی گەورەترە، ئەوەیە چیرۆکی ئەو منداڵە بچووکە لە ناوچەی (چیلیمسفۆرد)ی شاری (ئیسکس)ی بەریتانی، کە ناوی (بێلا کول)ـەو تەمەنی تەنیا (٨) مانگە، بەڵام سەر و پرچی وەك قژی منداڵێکی (٢) ساڵان وایە، چونکە قژێکی زۆری هەیە و لە پێکهاتەی ڕەگەکانیشەوە پڕ و بۆڕە، ئەو منداڵە کێشی (٥) کیلۆگرامە و ڕوخساری بچووك دیارە، کەچی پرچی بە تەمەن لە خۆی گەورەترە، هەر بۆیە ئەو منداڵەیان بە کارێکتەری کارتۆنی (بوو) ناساندووە، چونکە شێوەی بچووکە و قژی زۆرە، ئەو منداڵە بە (٣) هەفتە بەر لە کاتی لەدایکبوونی بە نەشتەرگەری لەدایك بووە.






## چاپکراوی نوێ

بەرگی یەکەمی هونراوەی (لووتکەی داهێنان) لە نووسینی غالب حەساری لە دووتوێی ٢٥٦ لاپەڕە و بە ڕووبەرگ و پشت بەرگێکی ڕازاوە بە ئاڵا و سرووشتی کوردستان چاپ کرا. وەك نووسەر ڕوونیکردووەتەوە لووتکەی داهێنان ١٠ بەرگ لەخۆی دەگرێت و هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتر بۆ بەڕێزیان دەخوازین.



## پەند و وتە

ڕینە دێکارت، فەیلەسووفی فەڕەنسی هەروەها زانای بواری ماتماتیك، لە ساڵی (١٥٩٦) لە شاری تەورانی فەڕەنسا لەدایك بووە و لە ساڵی (١٦٥٠) کۆچی دوایی کردووە، لە وتەیەکی جوانیدا دەربارەی ئەقڵ دەڵێ: ئەوە گرنگ نییە کە ئەقڵ و هۆشێکی باشت هەبێت و هەمیشە شانازی پێوە بکەیت، بەڵکو ئەوە گرنگە کە بە باشی بەکاریبهێنیت و سوودی بۆ خۆت و دەوروبەریش هەبێت.

### گۆزە

خۆت بە قوربانی کەسانی دیکە مەکە. لە ژیانی خۆتدا هەڵەی گەورەت کردووە، بڕیاری بە پەلە مەدە و پارێزگاری لە کەسایەتیت بکە، بەپەلە هەڵسوکەوت مەکە، چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت، بەهۆی خەون بینینی ترسناك، پشووێك بدە.

### نەهەنگ

هەندێك ماوە بە خۆت بدە و پێویستت بە پشووە، ماوەیەکە ماندوویی و بێزاریت پێوە دیارە، خەمێك هەیە بێزارت دەکات، بۆیە زۆر گرنگی مەدە بەهەندێك گرفت کە خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات. کەسێك پێشنیارێکت بۆ دەکات، پشتگوێی مەخە، باری تەندروستیشت فەرامۆش مەکە.

### شایان

هەمیشە بیرکردنەوەکانت بە ئامانجی باش دادەنێیت، بەڵام لە جێبەجێکردنی کارەکانتدا هەڵە دەکەیت. پێویستە بەر لە هەنگاوێك بە باشی بیر بکەیتەوە و زیاتر وردبین بیت و زیرەکانە پلانەکەت دابڕێژە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکەت، چونکە کەسانێك دەیانەوێت کۆسپت بۆ دروست بکەن.

### دووپشک

کاتێکی زۆرت لەپێشە تا هەنگاوەکانت بە جوانی جێبەجێ بکەیت. ماوەیەکە بیرکردنەوەت بۆ ژیان گۆڕاوە و پێتوایە کەسێکی گرنگ نیت، بەڵام بە هەڵە بیردەکەیتەوە، دەرفەتی کارێکی باشت لەپێشە و پێویستە بیقۆزیتەوە، خۆشەویستییەکی نوێ لەدەرگای دڵت دەدات، زۆر بەوردی سەرنجی بدە، دوایی پەشیمانی دادت نادات.

### کەوان

ئەرکی خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرەو بڕیارێکی تازەش بۆ ئەو کەسە بدە کە ماوەیەکە دژایەتیت دەکات. ئارام بگرە، بووژانەوەیەکی ئاشکرا لەسیماتدا بەدی دەکرێت، لە بواری سۆزدارییەوە دەرفەتێکی باشت بۆ هەڵدەکەوێ و لەوانەیە لەئامانجت نزیك بکەویتەوە.

### گیسک

کەسێکی نەناسراو دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە و تۆش ڕێگەی مەدە، کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە و بیر لە ڕابردوو مەکەوە، دووربکەوە لە گفتوگۆ دەربارەی ناکۆکییەکانت لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشت دەوێ، چونکە کات لەبار نییە بۆ بەیەکتر گەیشتن، مامەڵەی گەورەش باش نییە لەم کاتە.